نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبوویەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، نرخی نەوت لە بازاڕەکانی وزەدا بەرزبووەوە بەڕێژەی 0.7%، واتە 46 سەنت، بە هەر بەرمیلێک بە 65.91 سەنت. .

هەر بەرمیلێک نەوتی خاوی برێنت بە 65 دۆلار 99 سەنت، مامەڵەی پێوەدەکرێت، هاوکات نرخی بەرمیلێک نەوتی خاوی ڕۆژئاوای تەکساسیش، بە 62 دۆلار و 30 سەنت، مامەڵەی پێوەدەکرێت.

بەپێی ئاژانسی ڕۆیتەرزی بەریتانی، هەکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ دڵنیایی و نەمانی نیگەرانی بازرگانان و وەبەرهێنەران لە بڕی خستنەڕووی ڕێژەی نەوت لەلایەن ڕێکخراوی ئۆپێکەوە، ئەمەش پاش ئەوەی ڕێکخراوی ئۆپێک بە ڕەسمیی بڕیاریدا ڕێژەی خستنەڕووی نەوت بۆ مانگی داهاتوو سنووردار بکات.